# دژی دەوڵەتی سیکۆلار



کارل مارکس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئەنوەر نەجمەدین

دیسامبری ٢٠١٧

# تێبینیەک

لە چاپی عەرەبی کتێبی "دەربارەی پرسی جوولەکە" دا، تەنها ٢ جار ووشەی سیکۆلاریزم بەکارهێنراوە، وە ئیتر هەموو ووشەکانی تر، کراونەتە "دونیایی" لە بری "سیکۆلار – secular". هەر لەبەر ئەوەیشە، خوێنەری ئەو چاپە عەرەبییە، هەرگیز لەوە تێناگات ئەو کتێبە دژی سیکۆلارەکان و ئەتێئیستەکان نووسراوە. دروستە، ئەو ووشەیە لە هەندێ شوێندا، دەبێتە "دونیایی". بەڵام خودی باسەکە خۆی لەسەر سیکۆلاریزمە. رۆشنبیرانی سەدەی ڕابووردوو، بەوهۆیەوە کە لە مەداری سۆشیالیزمی برجوازی سۆڤێتیدا دەسووڕانەوەو ئەو سۆشیالیزمە نەتەوەییەیان لێ بووبووە بەرنامەی چەوساوەکان، ئەوا هەرگیز نەگەیشتنە پرۆگرامە مێژووییەکەی پرۆلێتاریا، واتە کۆمۆنە. هۆکارە مێژووییەکەیشی ئەوە بوو، ئەوان لە ژینگەیەکدا دەژیان، هێشتا یۆتۆپیای بەرهەم دەهێنا، هێشتا، تەنانەت نەگەیشتبووە ئاستی جەنگی برجوازیەت و ئاین.

لەم سەدەیەدا کە سەرلەنوێ، پرۆلێتاریاو جەنگە چینایەتیەکەی، لە گەشە سەندندایە لەسەر ئاستی ئینترناسیۆنالیستی، ئەو قوتابخانە سۆشیالیستیە، دەگەڕێتەوە سەر سەرچاوە مێژوویە بەسەرچووە کۆنەکەی سیکۆلاریزم، دەگەڕێتەوە سەر جەنگی برجوازیەت لەگەڵ فیۆدالیزم، وە تا ئێستایش، داخوازیە پرۆلێتاریەکان، دادەگرێت بۆ ئاستی لیبرالیزم و مافی مرۆڤ لە موڵکدارێتی تایبەتیدا، ئەمە ئەگەرچی شۆڕشە کۆمۆنیەکان، زۆر لەمێژە، دواین جەنگیان، دژی مافی موڵکدارێتی، بەرامبەر بە خودی سیکۆلاریزم خۆی، ڕاگەیاندووە.

# پێشەکی

کاتێک دەوڵەتی سیکۆلار، چووە جێگای دەوڵەتی ئاینی، ئیتر ڕەخنەکانیش لە دەوڵەت، مۆرکە تیۆلۆژیەکەیان لێ بووەوە، ڕەخنەکان بوونە ڕەخنەی سیاسی، بوونە ڕەخنەی خودی دەوڵەت خۆی، نەک کەموکورتیەکانی دەوڵەت یان فۆرمە جیاوازەکانی. وە ئەگەر ئەتێئیستەکان؛ ئەمڕۆیش وەک دوێنێ، لە ڕەخنەی ئاینەوە، واتە لە دیدگایەکی تیۆلۆژیەوە ڕەخنەی دەوڵەت بگرن، بەپێچەوانەوە، ماتریالیستەکان، ئەمڕۆیش وەک دوێنێ، لە ڕەخنەی سیاسەتەوە ڕەخنەی دەوڵەت دەگرن. مارکس کۆتایی ئەو فەسڵە لە مێژوو، بەم جۆرە کورت دەکاتەوە:

" ئیتر ڕەخنەی ئاین بەسەرچوو .. ڕەخنەی ئاسمان دەگۆڕدرێت بە ڕەخنەی زەوی، ڕەخنەی دین دەبێتە ڕەخنەی ماف، وە ڕەخنەی تیۆلۆژییش دەبێتە ڕەخنەی سیاسەت" (کارل مارکس، Contribution to the Critique of Hegel's Philosophy of Right).

کاتێک دەوڵەت بووە دەوڵەتێکی بێ دین، ئیتر ئەوکاتە مێژوو؛ ڕووخسارە دونیاییەکەی دەوڵەتی هەڵماڵی، وە هەر ئەوکاتەیش ڕەخنەکان لە دەوڵەت، بوونە ڕەخنەی مێژوویی. تا ئەوکاتە دەوڵەت بە ئاسمانەوە هەڵواسرابوو، وە وەک سێبەری یەزدان نیشان دەدرا لەسەر زەوی، یان هیگڵیستانە، لە دەرەوەی مێژوودا دادەنراو تێڕامانی فەلسەفی لەبارەوە دەکرا. لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی سیکۆلاردا، ڕەخنەکان لە ڕەخنەی ئاینەوە، تێپەڕیان

کرد بۆ ڕەخنەی سیاسەت. وە دوای ئەوەیش، ئیتر گەڕانەوە بۆ لێدوان لە دەوڵەت لە دیدگای ئاینەوە، لە ژیانی ڕۆحانیدا، لە تیۆلۆژیەوە، بە هیچ لێکنادرێتەوە بە گەڕانەوە نەبێت بۆ شەڕە مێژوویە بەسەرچووەکەی نێوان فیۆدالیزم و کاپیتالیزم. ئەوەیش ئەو دیدگا کۆنەپەرستەیە کە تا ئێستایش دەوڵەت لەم بەربەست و ئەوی تریان ڕزگار دەکات، جارێک لە تاج، جارێک لە ئاین، جارێکی تر لە دەسەڵاتی ڕەها، ئیتر بەبێ ئەوەی ئەسڵی ئەو بەربەستانە، بگێڕێتەوە بۆ ناکۆکیەکانی نێو دوو چینەکەی کۆمەلگای برجوازی.

ڕەخنەی ماتریالیستەکان لە جیهان، لە دوای سەرهەڵدانی سیکۆلاریزمەوە دەستپێدەکات. ئەوان ئاین بە بەربەست نازانن، بەتایبەت لەکاتێکا کە دەبینن، لەمێژە ئاین و هەموو پیرۆزیەکان؛ نزم کراونەتەوە بۆ ڕیزی پارەو بازرگانی. ئەوان بە ئاگان لەوەی، ناکۆکیە هاوچەرخەکان، لە دوای تەواو بوونی شەڕی ئاین و سیکۆلاریزمەوە دەست پێدەکات. وە چارەسەری ئەو بابەتەیش ئەوە نیە سنوورە ئاینیەکان بشکرێنرێن، بەڵکو ئەوەیە بەربەستە دونیاییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە. ئا ئەو پرسە دونیاییە؛ نەک تیۆلۆژی، مێژوویە نەک تیۆری. وە لە کاتێکا، ڕۆشنبیرە برجوازیەکان، ناکۆکیە هاوچەرخەکانی تونس، ئێران، میسر، عێراق، بە جەنگی ئاین و سیکۆلاریزم لێک دەدەنەوە، بەوە دەیانەوێت ئاستی داخوازیە چینایەتیەکان، داگرن بۆ ئاستی ڕیفۆرمی سیاسی لە دەوڵەتەوە، ئەو ڕۆشنبیرانەی هیچ

پەیوەندیەکیان بە بزووتنەوەی مێژووەوە نیە، بۆیە ناکۆکیە چینایەتیەکانیش، وەک شەڕێکی سەرزارەکی ئاینپەروەران و ئەتێئیستەکان دادەنێن. ئەوان هەروەک چۆن نازانن شۆڕشی پیشەسازی یەکجار ڕوودەدات لە مێژوودا، نەک هەمووساڵێک و هەموو دەیەیەک و هەموو سەدەیەک، ئابەو جۆرە، ناشزانن ئەو ڕەخنە بەسەرچووە تیۆلۆژییە، هەموو ساڵێک و هەموو دەیەیەک و هەموو سەدەیەک ناجووینەوە.

دەوڵەتی سیکۆلار، دواین کامڵ بوونی سیاسیی کۆمەڵگای سیاسیە. وە ئەگەر ئەرکی شۆڕشی یەکەم، شۆڕشی چینە برجوازیە مۆدێرنەکە، نەک هەر ئەوە بووبێت شێوە دونیاییەکی دەوڵەت بە جیهان بناسێنێت، بەڵکو تەنانەت بەسەرچوونی ڕۆڵی دەوڵەتیش لە مێژوودا ڕابگەیەنێت، ئەوا ئەرکی شۆڕشی دووهەم، شۆڕشی چینە پرۆلێتاریەکە، ئەو چینەی خاوەنی هیچ بەرژەوەندیەک نیە دەوڵەت بکاتە پارێزگاری، ئەوەیە بە یەکجاری، دەوڵەت لە مێژوو بکاتە دەرەوە. وە لەکاتێکا ئەرکی مێژوویی پرۆلێتاریا، گێڕانەوەی مرۆڤە بۆ ژیانە هەرەوەزکاریەکەی، ئەوا، بە پێچەوانەی برجوازیەتی سیکۆلارەوە، ئەرکی ئەو لابردنی بەربەستەکانی بەردەم دەوڵەت نیە، بەڵکو لابردنی خودی دەوڵەت خۆیەتی وەک بەربەستێک لەبەردەم گەڕانەوەی مرۆڤدا بۆ ژیانە کۆمۆنیەکەی. دەوڵەت سەبارەت بە پرۆلێتاریا، هیچ نیە، شورایەک نەبێت بە دەوری موڵکداریێتی تایبەتیدا. وە هەرکات دەوڵەت لە

مێژوو  فرێ درایە دەرەوە، ئەوکاتە مێژووی مرۆڤایەتی دەستپێدەکات. تا ئەوکاتە مرۆڤ، لە مێژووی بەر لە مێژووی ئینسانیدا دەژی.

کارل مارکس، بەر لە ١٧٥ ساڵ لەمەوبەر، لە دیدگای مێژوویەکی ماتریالیستیەوە، وەڵام بەو وەهمە ئەتێئیستیە دەداتەوە، ئەو وەهمە ئەتێئستیە برجوازیەی، هەمیشە پایە ڕزیوەکانی دەوڵەت نوێ دەکاتەوە.

ئەنوەر نەجمەدین

# دژی دەوڵەتی سیکۆلار [1]

کارل مارکس

تەنها لە وولاتەکانی ئەمریکای باکووریدا -لای کەم لە هەندێکیاندا- مەسەلەی ئاین [مەسەلەی جوولەکە] بایەخە تیۆلۆژیەکەی خۆیی وون کردووەو بۆتە پرسێکی سیکۆلاری واقیعی. تەنها لەو شوێنەی دەوڵەتی سیاسی لە فۆرمە تەواو پێشکەوتووەکەیدایە، دەتوانرێت پەیوەندی جوولەکە، وە بە گشتی پەیوەندیی پیاوانی ئاینی بە دەوڵەتی سیاسیەوە، لە خەسڵەتە تایبەتەکەی خۆیدا، بە خالیسی، خۆی نیشان بدات. وە هەر ئەوەندەی دەوڵەت لەوە بووەوە هەڵوێستێکی تیۆلۆژیی وەربگرێت بەرامبەر بە ئاین و وەک دەوڵەت هەڵسوکەوت بکات بەرامبەر بە ئاین، ئیتر ڕەخنەی ئەم پەیوەندیەیش لەوە دەبێتەوە کە ڕەخنەیەکی تیۆلۆژی بێت - واتە دەبێتە ڕەخنەیەکی سیاسی ...

بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەمریکای باکووریی، هەر وولاتی ئاین پەروەریە، وەک تێکرا، بۆمۆن و تۆکفیل و هامیڵتنی ئینگلیزییش دڵنیایی لەسەر دەدەنەوە. ئەو وولاتانەی ئەمریکای باکووریی، هەر تەنها وەک نموونەیەک خزمەتمان پێدەگەیەنن. پرسەکەیش ئەمەیە: پەیوەندیی تەواوی ڕزگاریی

---

[1]. ئەو ناونیشانە لە ئێمەوەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکی باسەکەوە وەرگیراوە (وەرگێڕ).

سیاسی چیە بە ئاینەوە؟ وە ئەگەر تەنانەت لە وولاتێکدا کە ڕزگاریی سیاسی تەواوی تێدایە، ببینین ئاین هەر لە بووندا نیەو بەس، بەڵکو تەنانەت فرێش و بەهێزو زیندوویش خۆی دەنوێنێت، ئەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە بوونی ئاین ناکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ کامڵ بوونی دەوڵەتدا. وە لەکاتێکا بوونی ئاین، بوونی کەم و کوڕیەکە لە دەوڵەتدا، ئەوا توانای گەڕان نیە بە دوای سەرچاوەی ئەو کەم و کوڕیەدا، تەنها لە سروشتی خودی دەوڵەت خۆیدا نەبێت. وە ئیتر ئەوکاتەیش ئێمە ئاین بە هۆکاری ئەو کەم و کوڕیە دانانێین، بەڵکو بە کەم و کوڕیی سیکۆلاریزمی دادەنێین. لەبەر ئەوە ئێمە، سنووردارێی ئاینیی هاوڵاتیە ئازادەکان، بە سنووردارێی سیکۆلاریزمەکەیان ڕوون دەکەینەوە. ئێمە ناڵێین ئەوان دەبێت سەرکەون بەسەر سنووردارێە ئاینەکەیاندا تا لە سنووردارێە سیکۆلارەکەیان دەرباز بن، ئێمە دەڵێین ئەوان هەر ئەوەندەی ڕزگاریان بوو لە سنووردارێە سیکۆلارەکەیان، ئیتر ڕزگاریان دەبێت لە سنووردارێە ئاینیەکەیشیان. ئێمە پرسە سیکۆلارەکان ناگۆڕین بە پرسێکی تیۆلۆژی [لاهوتی]، بەڵکو ئێمە پرسە تیۆلۆژیەکان دەگۆڕین بۆ پرسە سیکۆلارەکان. مێژوو زۆر دەمێکە لەنێو ئەفسانەدایە، ئێمە ئێستا ئەفسانە دەخەینەوە نێو مێژوو. هەربۆیە بەلای ئێمەوە، پرسی پەیوەندیی ڕزگاریی سیاسی بە ئاینەوە، دەبێتە پرسی پەیوەندیی ڕزگاریی سیاسی بە ڕزگاری ئینسانیەوە. ئێمە ڕەخنەی لاوازیی ئاینیی دەوڵەتی سیاسی، بە ڕەخنەی دەوڵەتی سیاسی

خۆی دەگرین لە فۆرمە سیکۆلارەکەیدا، ئیتر ئەمە بە چاوپۆشین لەو لاوازیانەی دەوڵەت کە بەستراون بە ئاینەوە.

لەلای ئێمە، ناکۆکی نێوان دەوڵەت و ئاینێکی دیاریکراو، بۆ نموونە ئاینی جوولەکە، هەروەک ناکۆکی نێوان دەوڵەت و ڕەگەزە سیکۆلارە تایبەتەکانی، فۆرمێکی ئینسانی پێ دەبەخشرێت؛ ناکۆکی نێوان دەوڵەت و ئاین بە گشتی، هەروەک ناکۆکی نێوان خودی دەوڵەت و پێشمەرجەکانێتی بەگشتی. واتە ڕزگاریی سیاسی جوولەکە، وە کریستیانیتییش، بە دەربڕینێکی کورت، ڕزگاریی مرۆڤی ئاینی، مانای ڕزگاربوونی دەوڵەتە لە جوولەکەو لە کریستیانیتی، وە لە دین بەشێوەیەکی گشتی ...

واتە ڕاستەوخۆ، سنووری ڕزگاریی سیاسی، لەم واقیعەدا دەردەکەوێت: دەوڵەت دەتوانێت خۆی لە بەربەستێک ڕزگار بکات، بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ ڕزگاری بووبێت لە دەوڵەت، وە لەو واقیعەشدا دەردەکەوێت کە دەوڵەت دەتوانێت ئازاد بێت، بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئازاد بێت تیایا ....

کەواتە دەوڵەت دەتوانێت لە دینێک ڕزگاری بووبێت، ئیتر ئەگەر تەنانەت هێشتا زۆرینەیش ئاینپەروەر بن، بەڵام دەوڵەت لە ژیانە تایبەتیەکەی خۆیدا هەروەک ئەو زۆرینەیە دەبێت. بۆیە هەڵوێستی دەوڵەت، بەتایبەت دەوڵەتی ئازاد، بەرامبەر بە ئاین، هیچ نیە هەڵوێستی ئەو کەسانە نەبێت لە دین کە خۆیان دەوڵەت پێکدەهێنن. هەر بەوجۆرە، کاتێک مرۆڤ

بەهۆی دەوڵەتەوە ڕزگاریەکی دەست دەکەوێت، ئەوکاتە ڕزگار بوونەکەی تەنها ڕزگاریەکی سیاسیە لە بەربەستێک ...

بەڵێ، ئەو دەوڵەتەی ناودەبرێت بە دەوڵەتی کریستیانیتی، واتە دان بە کریستیانیەتدا دەنێت وەک بنچینەی خۆی، دانی پێدا دەنێت وەک دینی دەوڵەت، وە هەڵوێستێکی جیاواز وەردەگرێت بەرامبەر بە ئاینەکانی تر، ئا ئەوە دەوڵەتێکی کامڵی کریستیانیتیە، ڕاستتر دەوڵەتێکی ئەتێئیستە، دەوڵەتی دیموکراسی، ئەو دەوڵەتەی دین دەخاتە نێو هەموو ڕەگەزەکانی تری کۆمەڵگای برجوازیەوە ...

کەواتە ئەو ناکۆکیە سیکۆلارەی دواجار، پرسی جوولەکەیش خۆیی تێدا بچووک دەکاتەوە، هەر پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی سیاسی و پێشمەرجەکانیەتی، وە ئەگەر ئەو ڕەگەزانە ماتریالی بن، وەک موڵکداریتی تایبەتی، یان ڕەگەزە ڕۆحیەکان بن، وەک ڕۆشنبیری و ئاین، ناکۆکیەکە هەروەک خۆی، لە نێوان بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی تایبەتیدا دەمێنێتەوە، ئەم شەق بوونەیش لە نێوان دەوڵەتی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنیدا هەر دەمێنێتەوە - برۆنۆ باوەر واز لە ناکۆکیەکانی نێو سیکۆلاریزم دەهێنێت و دەکەوێتە دژایەتی دەربڕینە ئاینیەکانیان ...

لە ڕاستیدا دەوڵەتێکی کریستیانیتی پێرفێکت ئەو دەوڵەتە نیە کە ناودەبریت بە دەوڵەتی کریستیانیتی -ئەو دەوڵەتەی دان بە کریستیانیتیدا

دەنێت وەک بناغەی خۆی، وەک دینی دەوڵەت، وە لەوەیشەوە هەڵوێستێک وەردەگرێت بەرامبەر بە ئاینەکانی تر. بە پێچەوانەوە، دەوڵەتێکی کریستیانیتی پێرفێکت، دەوڵەتی ئەتێئیستیە، دەوڵەتی دیموکراسیە، ئەو دەوڵەتەیە کە ئاین دادەگرێتە نێو ڕەگەزەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنیەوە. ئەو دەوڵەتەی هێشتا دەوڵەتێکی تیۆلۆژیە، وە هێشتا کریستیانیتی بە ئاینی فەرمی خۆی دادەنێت، وە هێشتا بوێری ئەوەی تێدا نیە خۆی وەک دەوڵەت ڕابگەیەنیت، ئەو دەوڵەتە، لە واقیعی خۆیدا وەک دەوڵەت، هێشتا سەرکەوتوو نیە لە دەربڕینی بونیانە مرۆییەکەیدا -ئەو بونیانەی کریستیانیتی بەرزترین دەربڕینێتی لە فۆرمە سیکۆلارە مرۆییەکەیدا - لە دەربڕینی ئەو بونیانە مرۆییەدا کە کریستیانیتی بەرزترین دەربڕینە لێی ....

دەوڵەتی دیموکراسی، دەوڵەتی واقیعی، پێویستی بە ئاینێک نیە بۆ کامڵ بوونی. بە پێچەوانەوە، دەتوانێت واز لە ئاین بهێنێت، ئەمەیش لەبەر ئەوەی بناغە مرۆییەکەی ئاین، بەشێوازێکی سیکۆلار، تێیدا پراکتیزە دەکرێت.

لە لایەکی تریشەوە، ئەوەی ناودەبرێت بە دەوڵەتی کریستیانیتی، هەڵوێستێکی سیاسی هەیە بەرامبەر بە ئاین وە هەڵوێستێکی ئاینی هەیە بەرامبەر بە سیاسەت ....

ئەی کەواتە بناغە سیکۆلارەکەی جوولەکە چیە؟ پێویستیەکی بەکردەوەیە، بەرژەوەندیی خودە. ئەی دونیایی بوونی ئاینی جوولەکە چیە؟ بازرگانیە. ئەی یەزدانە دونیاییەکەی جوولەکە چیە؟ پارەیە ...

خوای جوولەکە بۆتە سیکۆلار و بۆتە خوای جیهانیش. خوای ڕاستەقینەی جوولەکە، ئاڵوگۆڕی بازرگانیە. خواکەی ئەو هەر وەهمی ئاڵوگۆڕی بازرگانیە ....

سەرچاوە: کارل مارکس *The Jewish Question, 1843*